# خۆئامادە کردن بۆ خوێندنگە



### دەتوانیت منداڵەکەت ئامادە بکەیت بۆ خوێندنگە لەرێگەی:

ئەنجامدانی ئەو یاریانەی کە رۆڵ گۆڕینەوە و هاوبەشکردیان تێدایە

یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی داوای ئەو شتانە بکەن کە دەیانەوێت، ئەگەر برسی، تینوو یان هیلاک بوون.

فێریان بکە خۆیان پۆشاک لەبەر بکەن، خواردنەکەیان بخۆن و خۆیان تەوالێت بەکاربێنن.

### دەستپێکردنی خوێندنگە ئەزموونێکی ئەرێنیە بۆ هەمووان

وەک باوان، تۆ یەکەم مامۆستای منداڵەکەتی.

بە خوێندنگەکە ئاشنابە بۆ ئەوەی تێبگەیت چی روو دەدات کاتێک منداڵەکەت دەستپێدەکات.

کراوەبە بەرووی سەردانی مامۆستاکە بۆ ماڵەوە پێش دەستپێکردنی خوێندنگە ئەگەر پێشنیاری کرد.

سەیری ماڵپەری خوێنندگەکە بکە.

دڵنیابە لەوەی دەزانیت چی بکەیت لە رۆژی یەکەمدا: بەیانی بۆ کوێ بچیت، و لە کوێ منداڵەکەت وەربگریتەوە.

**ئایا زانیوتە** کە هەتا منداڵان ئاشناتر بن بە خوێندنگە یان دایەنگەی نوێیان خێراتر تێیدا جێگیر دەبن؟

### کتێب دەربارەی دەستپێکردنی خوێندنگە بخوێنەوە

ژمارەیەکی زۆر کتێب هەن کە دەتوانیت دەربارەی خوێندنگە هاوبەشیان بکەیت. دەکرێت ئەمە یارمەتیدەری منداڵەکەت بێت هەست بکات بەوەی ئامادەیە بۆ دەستپێکردن یان گەڕانەوە بۆ خوێندنگە.

کەمێک لەو کتێبانە لای خوارەوە هاتوون:

*دەستپێکردنی خوێندنگە* لەلایەن جانێت و ئالن ئاهلبێرگ

*تۆپسی و تیم دەچنە خوێندنگە* لەلایەن جیین و گاریت ئادامسن

*چوون بۆ خوێندنگە لەلایەن ئانا سیڤاردی* و ستیفن کارترایت

*هاری و دایناسۆر دەچن بۆ خوێندنگە* لەلایەن ئیان وایبرۆ

*کەنگەری شین، تۆش وەرە بۆ خوێندنگە!* لەلایەن ئێما چیچێستەر کلارک

*من هەر زۆر بچووکم بۆ خوێندنگە* لەلایەن لۆرین چایڵد



### پراکتیزەکردنی رۆتینی نوێ

رۆتینی بەیانیان پراکتیزە بکە لەوانە لەخەوهەڵسان و خۆگۆڕین، و خواردنی نانی بەیانی 'لەکاتی خۆیدا بۆ خوێندنگە.' دڵنیابە لەوەی منداڵەکەت بەپێی پێویست دەنووێت و ئامادەیە بۆ خوێندنگە لە رۆژی یەکەمدا.

**ئەستێرە ئامۆژگاری**

لە کۆتایی رۆژەکەدا - بە بزەیەک نەک بە مۆبایلێک بەخێرهاتنەوەی منداڵەکەت بکە!

**وردە بیرۆکە**

یەکێک لەو کتێبانە هاوبەش بکە کە لە لیستەکەدا هاتوون. دەربارەی ئەوە بدوێ هەستی منداڵەکەت چۆنە لەسەر دەستپێکردنی خوێندنگە.